# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## حەوتەم راپۆرت: گرفتی نەخوێندنی وانەی هونەر

**نیسانی ٢٠١٨**

١/٥/٢٠١٨

# پێرست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |


## بەشی یەکەم: ناساندن

١. پێشەکی
٢.کارنامەی یەکەکە
٣.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## ١.پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێك لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.
دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەك زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.
ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.
کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەك هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێك لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.
بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشك لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.
هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.
هەروەك بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاك و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن
یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە
١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە
١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵك و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە
١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەك و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوضەی گەرمیان

١. رادیۆی دەنگ:
رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەك گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM ٩٩.٩ پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێك چالاکی هونەریی).

٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.
(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:
گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوك بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.
ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێك قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی:(کەلار و کفری و بەشێك لە قەزای خانەقین.)
لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە،پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.
بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کاڕگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دوەم: راپۆرت

* دەستپێک

* ئاماری مامۆستایانی هونەر لە سنوری پەروەردەی گەرمیان

* بۆچونی مامۆستایانی هونەر لەسەر خوێندنی بابەتی هونەر لە ناوەندەکانی خوێندن

* بۆچونی بەڕێوەبەرانی ناوەندەکانی خوێندن لەسنوری پەروەردەی گەرمیان لەسەر بابەتی هونەر

* بۆچونی فێرخوازان لەسەر خوێندنی بابەتی هونەر لە ناوەندەکان

* بۆچونی سەرپەرەشتیاران و بەرێوەبەرانی چالاکییە هونەرییەکانی پەروەردەی گەرمیان

* رای بەرێوەبەرەکانی پەروەدەی گەرمیان لە سەر خوێندنی بابەتی هونەر لە ناوەندەکان

* راسپارەکان

## *دەستپێک

هەرچەندە هونەر وەکو بابەتێک لە قۆناغەکانی خوێندن ئەژمارکراوە و دانراوە بەڵام بە پێی پێویستی گرنگی بەو بابەتە نادرێت و لە بەشێک لە قوتابخانەکان کراوە بە بابەتێکی لاوەکی یاخود هەر ناخوێندرێت.

نەخوێندنی بابەتی هونەر و گرنگی پێنەدانی لە ناوەندەکانی خوێندن رەنگدانەوەی زۆری هەبوە بە هۆی ئەو دۆخەی کە ئێستا لە ئارادایە، سەرەڕای ئەوەش زۆرێک لە ناوەندەکانی سنوری پەروەردەی گەرمیان خاڵین لە پێداویستی و جێگەیەکی تایبەت بە هونەر، ئەمەش وایکردوە کە بابەتی هونەر بە دەرسێکی لاوەکی ببینرێت، هاوکات لە زۆرێک لە ناوەندەکان مامۆستای هونەر بونی نیە بەتایبەت لە قۆناغی ئامادەییەکان.

## * ئاماری مامۆستایانی هونەر لە سنوری پەروەردەی گەرمیان

بە پێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی گەرمیان و بەرێوەبەری چالاکییە هونەرییەکانی گەرمیان بۆ ساڵی ٢٠١٦_٢٠١٧ مامۆستایانی هونەر لە قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەییەکان بەم شێوەیە لە پەروەردەی کەلار و کفری و خانەقین.

| ژمارە | قوتابخانە | کەلار |
|---|---|---|
| ١ | لە کۆی ٣٣ ئامادەیی | ٥ مامۆستا هەیە |
| ٢ | لە کۆی ١٩٢ بنەڕتی | ١١٨ مامۆستا هەیە |
| ژمارە | قوتابخانە | کفری |
| ١ | لە کۆی ٨ ئامادەیی | ٢ مامۆستا هەیە |

| | | |
|---|---|---|
| ٢ | لە کۆی ٦٤ بنەڕەتی | ٧١ مامۆستا هەیە |
| ژمارە | قوتابخانە | خانەقین |
| ١ | لە کۆی ٣ ئامادەیی | ٢ مامۆستا هەیە |
| ٢ | لە کۆی ٢٠ بنەڕەتی | ١٤ مامۆستا هەیە |

## * بۆچونی مامۆستایانی هونەر لەسەر خوێندنی بابەتی هونەر لە ناوەندەکانی خوێندن

سەبارەت بە خوێندنی وانەی هونەر لە ناوەندەکان و تاچەند گرنگی پێدەدرێت مامۆستایانی هونەر هەر یەک و بەشێوەیەکی جیاواز هۆکارەکان دەخەنە ڕو کە تا چەند گرنگی بە بابەتەکە دەدرێت.

سەیوان عوسمان، مامۆستا هونەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی (لەیلا قاسم)لە کەلار دەڵێت: "وانەی هونەر یەکێکە لە وانە خۆش و جوانەکان بەلای قوتابییەوە بە تایبەت لە قۆناغی بنەڕەتی، چونکە ئارەزوی زۆریان بۆ بابەتەکە هەیە، بۆیە لە ناوەندەکانیش کەوتوەتەوە سەر ئاستی زیرەکی مامۆستا کە تا چەند بتوانێت هونەر خۆشەویست و جوان بکات لەلای قوتابیان و هۆڵیان بۆ دابین بکات لەگەڵ پێداویستی".

وتیشی: "ئێمە گرنگی بە بابەتەکە دەدەین و هۆڵێکی سەردەمیانەشمان هەیە بە داتاشۆ و ئەو وێنەو چالاکییانە کە بۆ فێربونی منداڵان سودی هەیە و بە پێی تەمەنە جیاوازەکان وێنە و سرودیان پێشکەش دەکەین".

بەهۆی بایکۆت کردنی هۆڵەکانی خوێندن بابەتی هونەر لە ناوەندەکان تا ڕادەیەک پاشەکشەی پێکراوە لە بەر بابەتەکانی دیکە بۆ ئەوەی قەرەبوی ئەو کاتانە بکرێتەوە کە بەهۆی بایکۆتەوە فەوتاوە.

عەباس ئەنوەر محەمەد، مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی (رۆژ دی) لە کەلار دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی دارایی و بایکۆت کردنی هۆڵەکانی خوێندن کاریگەری زۆری لە سەر بابەتی هونەر هەبوە بەجۆرێک پاشەکشەی پێکراوە لەبەر بابەتەکەنی دیکە، ئەگەر چی ئێمە لە خشتەی وانەکان هەمانە و گرنگی پێدەدەین، بەڵام وەک پێویست نیە بەتایبەت لە ئێستادا گرنگی زیاتر بە بابەتە سەرەکییەکان دەدرێت وەک لە هونەر بەهۆی دۆخەکەوە".

وتیشی: "چالاکیمان ئەنجامداوە پێشوتر، چونکە بودجەی بۆ دابین کرابو بۆ چالاکییە هونەرییەکان، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانەکە ئەوە راگیرا ئەمەش کاریگەری هەبو لەسەر بابەتەکە بەتایبەت ئەمساڵ هیچ نەکرا بەهۆی بایکۆتەوە".

لە هەندێک لە ناوەندەکان سەرەڕای ئەوەی کە پێداویستی و جێگای تایبەت بە هونەر نیە بەهۆی دۆخەکەوە بەڵکو لە خشتەی وانەکان هەیە و گرنگی ئەوتۆشی پێنادرێت.

دارکۆ عەباس، مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی بنەڕتی (حەسەن ئەمنە) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "بابەتی هونەر لە ئەمڕۆیا و بەهۆی دۆخەکەوە بەڕێژەیەکی گشتی پشتگوێ خراوە ئەتوانم بڵێم تا ڕادەیەکی زۆر لە جێی خۆی نەماوە و گرنگییەکی وای پێنادرێت، بۆیە دۆخەکە کاریگەری کردوەتە سەر پرۆسەی خوێندن بە گشتی و هونەریش بێبەش نەبوە لەو کاریگەرییە".

وتیشی: "ئێمە لە روی پێداویستیەوە شتێکی وامان نیە جێی بایەخ بێت و باسبکرێت، ئەگەرچی لە خشتەی وانەکان بابەتەکە هەیە و تاڕادەیەک دەیخوێنین بەڵام وەک پێویست نیە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "دانانی نمرە لەسەر ئەساسی هەڵسەنگاندنی قوتابیەکان دەبێت تا چەند بەهرە و توانا و سەلیقەی هونەرییان تیایە ئێمە لەو روەوە هەڵیان دەسەنگێنین بە پێی چەند رێنماییەکی هونەری و نیشتمانپەروەری لەو بوارەی کە ئامانجمانە دەیکەین".

هەندێک لە مامۆستایان ئاماژە بەوە دەکەن کە هیچ خولێکی شیاندنیان بۆ نەکراوەتەوە لە پەروەردەی گەرمیانەوە لە کاتێکدا زۆرێک لە مامۆستایان پێویستیان بەو جۆرە خولانە هەیە.

هێمن عەبدولقادر، مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی (رۆشنای)ی لە ناحیەی پێباز دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە گرنگی بە بابەتەکە دەدرێت لە سەر ئاستی پێشانگاکانیش دیارە کار و چالاکییەکانمان و کۆمەڵێک قوتابی بەهرەمەندمان هەیە، بەڵام ئەم دوساڵەی کۆتای قەیرانی دارایی کاریگەری کردوەتە سەرمان و زۆر لاواز بوە، بەڵکو لە سالآنی پێشوتر بە پێچەوانەوە بو کار و چالاکیمان ئەنجامداوە لە ناوەندەکەی خۆمان، ئەگەر چی ئەمساڵ زیاتر گرنگی بە بابەتە سەرەکییەکان دەدرێت وەک لە هونەر".

وتیشی: "ئێمە لە خشتەی وانەکەمان بە روکەش دانراوە و گرنگی پێنادرێت، بڕواش ناکەم ئەمساڵ چوار دەرسم وتبێتەوە، تەنانەت پێداویستیش دابەشکرا بەڵام شتانێک نەبو کە بەکەڵکی بابەتکە بێت و خوێندکار سودی لێببینێت، نازانم ئەو لیژنەیەی کە دانرابو بۆ کڕینی ئەو پێداویستیانە چۆن کردویانە ئەم کەرەستانەی کە کریبویان بەکەڵکی نوسین نەدەهات چ جا بۆ وێنەکێشان".

باسیلەوەشکرد: "من هیچ خولێکی شیاندنم نەبینەوە تا ئێستا تایبەت بە هونەر، لەگەڵ ئەوەش ئەو لیژنەیەی کە بۆ هونەر دانراوە لە روی هەڵسەنگاندنەوە توانا و قودرەتیان ئەوە نیە کە بێت و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانی من یان مامۆستایەکی دیکە بکات چ جا بێت و پرۆژەیەکی هونەری پێشکەش بە مامۆستایان بکات".

بەدەر لە سەنتەری شارەکان کە گرنگی بە بابەتی هونەر نادرێت لە ناوەندەکان بەڵکو لە لادێیەکان خراپترە چ لە روی پێداویستی چ لە ڕوی خشتەی وانەکانیشەوە.

دەریا مەوسف خورشید، مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی (بەکرەشەل) لە ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: "هیچ گرنگی بە هونەر نادرێت لە ناوەندەکان بەتایبەت لە لادێیەکاندا هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە مەواد نیە دواتر قوتابیان کەمن لە لادێیەکان پێداویستی سەرەتاییان هیچ نیە نە دەفتەر نە قەڵەمی رەنگاورەنگیش هیچ شتێکیان بۆ نەکراوە تەنانەت لەسەر حیسابی خۆم وەرەقەی (A4)م

**بۆکریون و کردویانە بە دەفتەر، بۆیە ئەم حاڵەتە نوێ نیە ناوەندەکان لە پێش قەیرانیش هەروابوە بەتایبەت هی لادێیەکان".**

**وتیشی: "لەوەتەی من لەو ناوەندەم هیچیان پێنەدراوە و هیچیان نیە، خەڵکی لادێیەکەش تەنها دەیان نێرنە دەوام و تەواو بێئاگان لە پێداویستی مناڵەکانیان، بۆیە بابەتی هونەر لە ناوەندەکانی لادێیەکان زۆر پەراوێزخراوە، تەنانەت بەدەر لە هونەر وانەی تر ئەڵیمەوە ئەمەش کاریگەری بۆ سەر بابەتەکەم هەبوە".**

**ئاماژەی بەوەشکرد: "بابەتەکە لە خشتەی وانەکان هەیە، بەڵام مەنهەجی نیە ئەگەر وەک بابەتەکانی تر مەنهەجی بوایە ئەوە ئەوکات دەمانتوانی قسەیەکی لەسەر بکەین بۆیە بابەتەکانی تر گرنگتر دەبینرێت وەک لە هونەر".**

**بەهەمان شێوە، شەماڵ رەوف، مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی (هۆمەرملی تازە) لە ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: "بابەتی هونەر بونی لە ناوەندەکان فکرە و فەلسەفەکەی ئەوەیە کە چۆن بتوانیت ئەوەی لە ناخی مناڵ دایە بیخەیتە سەر وەرقە مناڵ رابهێنی لەوەی کە گوزارشت لە ناخی خۆی بکات ئەمەش لە رێگەی هونەرەوە دەکرێت گرنگ نیە چۆن دەکرێت گرنگ ئەوەیە وێنای ناخی خۆی بکات".**

**وتیشی: "کار گەشتوەتە ئەوەی کە مامۆستایانی هونەر لە خودی بابەتەکەی خۆیان بێزار ببن بەهۆی نەبونی پێداویستی و جێگەی تایبەت بە هونەر، لەگەڵ ئەوەش گرنگە خولی شیاندن بۆ مامۆستایان بکرێتەوە خۆم یەکێکم لەو مامۆستایانەی کە بەشی شانۆم تەواو کردوە و تا ئێستاش نازانم وێنەی قازێک بە جوانی بکێشم تا ئێستاش هیچ خولێکم نەبینیوە".**

**لە هەندێک لە ناوەندەکان سەرەڕی قەیرانی دارایی گرنگی بە وانەی هونەر دراوە، بەڵام دوابەدوای بایکۆت کردنی ناوەندەکان بابەتەکە لە خشتەی وانەکان لابرا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە دروستبو بۆ بابەتەکانی دیکە بەهۆی بایکۆتەوە.**

**ئەڵوەن فایەق نەجیب، مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی (هۆشیاری) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "ئێمە لە وەرزی یەکەم وانەی هونەرمان خوێند، ساڵانی پێشوتریش چەند قەیران بو گرفتی بۆ**

ئێمە نەبوە، چونکە قۆناغەکەی ئێمە (٧ و ٨ و ٩)یە، لەگەڵ ئەوەش چەندین پێشانگای گەورەمان هەبوە و کردومانەتەوە و ساڵی پاریش لە وەرزی یەکەم هەمان بو، بەڵام ئەمساڵ وا نەما بەهۆی دۆخەکەوە و بابەتەکە هەر هەڵگیرا لە ناوەندەکان بڕیارەکەش ئیداری نەبو بەڵکو پەروەردەی بو".

وتیشی: "ئێمە جێگەی هونەریمان هەیەن بەڵام خاڵییە لە پێداویستی ئەوەشی هەمان بوە زیاتر وێنە کێشان و کاری دەستی بوە، بۆ دابین کردنی پێداویستیش کە پێویستمان بوە بۆ کارە دەستیەکان خۆمان ئیداری سەندومانە بۆ ئەو قوتابیانەی دەست رەنگینن، ئەوانەشی کە کاری هونەرییان کردوە نمونەیی بون بەتایبەت لە وێنە کێشاندا.

ئاماژەی بەوەشکرد: "ئەگەر سەیرێکی ناوەندەکان بکەین زۆربەی کورسی و کتێبی قوتابیان پیسن و پڕن لە وێنەی کێشراو، چونکە ئارەزوی بۆی هەیە".

هەندێک لە مامۆستایان پێیان وایە گرنگی نەدان بە بابەتی هونەر لە ناوەندەکان هۆکارەکەی سیستەمی پەروەردەییە کە هیچ مەنهەج و جێگەیەکی دیاریکرا و هونەرییانەی بۆ بابەتەکە دانەناوە لە ناوەندەکان.

فریاد حسێن قادر، مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی ئامادەیی (هاوکاری) لە کەلار دەڵێت: "بە گشتی لە سیستەمی پەروەردە چ لە ئامادەیی چ لە بنەڕەتی بە پێی پێویست گرنگی بە بابەتی هونەر نەرداوە، لەچوارچێوەی ئەو یاسا و ڕێسانەی کە لە وەزارەتیش هەیە یەک لە دە گرنگی بە بابەتەکە نەدراوە و تەنانەت ئەو بینایانەش کە دروست کراون هۆڵێکی شایستەی وای تێدا نیە بۆ هونەر گونجابێت ئەوانەی کە هەیە هەموی بۆ تاقیگەی بابەتە زانستیەکان گونجاوە، جگە لەوەش هیچ مەنهەجێکی بابەتی نیە و تەنانەت بەپێی قۆناغەکانی خوێندنیش جیا نەکراوەتەوە".

وتیشی: "لە پێش قەیرانی دارایی بابەتی هونەر وەک پێویست نەدەخوێندرا چ جا ئێستا کە ئەم دۆخە هەیە، ئێمە دەیخوێنین، بەڵام وەک مەنهەجێکی سەرەکی نا ئەوەی هەیە خۆمان رێکمان خستوە بەپێی ئاستی خوێندکارەکان".

ئاماژەی بەوەشکرد: "خولمان بۆ کرایەوە، بەڵام لە چوارچێوەی دراسە پەروەردەیەکە بوە نەک تایبەت بە هونەر، بەڵام تایبەت بە خوێندکارن کراوەتەوە خولی (مۆسیقا و شێوەکاری)، لەگەڵ ئەوەش چەند قەیران و بایکۆت بو ئەمساڵیش کردیانەوە، هەروەها گرنگە گرنگی بە بابەتی هونەر بدرێت، چونکە زۆرێک لە خوێندکاران بەهرە و توانای باشیان تیایە بۆ بابەتەکە".

بەهەمان شێوە، شوان جەلال فارس، مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی ئامادەیی (کفری)لە قەزای کفری دەڵێت: "هونەر یەکێکە لەو ئامرازە هۆشیارییە کۆمەلایەتیانە بە نسبەت خۆێندکاران و ناوەندەکانیشەوە لە هەمو دونیا گرنگییەکی ئێجگار گەورەی پێدەدرێت، بەڵام لە لای خۆمان ئەم گرنگییەی پێنادرێت کە پێویستە هەبێت، ئەگەر چی ئێستا مامۆستایانی هونەر لە ناوەندەکان بە کاری خۆیان هەڵدەستن و کار و چالاکی ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەمە بەس نیە، چونکە مەنهەجێکی دیاریکراوی نیە تا گرنگی زیاتری پێبدرێت، بۆ نمونە قۆناغەکان جیابکرێنەوە کە هەر قۆناغەو بە پێی تەمەنی دیارییبکرێت کە چۆن هونەر بخوێندرێت".

دەشڵێت: "بابەتی هونەر لە ناوەندەکان گرنگی پێدرا لە پێش قەیرانی دارایی ژور دانرابو کۆبونەوە دەکرا چالاکی و فیستیڤاڵ ئەنجام دەدرا ئەمانەش کە کراوە بۆ هونەر لە ناوەندەکان هەر وەک پێویست نەبوە، تەنانەت ئێمە زۆر جار باس لەوە دەکەین و دەڵێین خوێندکار و قوتابی با قوتابخانەیان خۆش بوێت لێرەدا ئەمە گرنگە کە بە چ  ئامرازێک خۆشی بوێت ئەویش هونەرە کە وا دەکات ناوەندەکان بەلای قوتابییەوە خۆشەویست بکات".

ناوەندە ئامادەییەکانی دەرەوەی شار هەر نەک بێبەش بونە لە پێداویستی و جێگەی تایبەت بە هونەر بەڵکو هیچ گرنگی پێنادرێت، تەنانەت دانانی نمرەی بابەتەکە یان هەر نانوسرێت یاخود بە میزاجی مامۆستاکە دەبێت.

سەیوان مەحمود ئەحمد، مامۆستای هونەر لە ئامادەیی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی دارایی و بایکۆتی دەوامەوە هونەر لەناوەندەکانی خوێندن بەجۆرێک پاشەکشەی کرد، لەزۆربەی ناوەندەکان وانەکە هەر لادراوە هیچ گرنگییەکی پێ نادرێت چ لەلایەن بەرێوبەرەکان چ پەروەردەشەوە".

وتیشی: "لەزۆر ناوەندەکان نمرە نانوسن لەسەر کارتی ساڵانەی خوێندکار یان بە میزاجی خۆیان دایدەنێن ئەمەش هیچ پێوەرێکی زانستی و ویژدانیشی نییە، لەگەڵ ئەوەش بەهۆی قەیرانیشەوە لەپێداویستیەکانی هونەریش بێ بەشین، بۆیە کوردی و بیرکاری چەندە گرنگ بێت هونەر لەوان گرنگترە، چونکە هەر میلەتێک کەلتورو هونەری نەبێت ئەوە میلەتێکی مردو دواکەوتوە".

## * بۆچونی بەڕێوەبەرانی ناوەندەکانی خوێندن لەسنوری پەروەردەی گەرمیان لەسەر بابەتی هونەر

سەبارەت بە نەخوێندنی بابەتی هونەر لە ناوەندی بنەڕەتی و ئامادەییەکانی سنوری پەروەردەی گەرمیان هەریەک و هۆکار گەلێکی هەیە بۆ پەراوێزخستنی ئەو بابەتە دیارترینیان بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندن بو بۆ ماوەی چەند مانگێک کە زەرەر مەندی یەکەم بابەتی هونەر بوە.

حەمید ڕەشید ئسماعیل، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی (سەردەم)لە کەلار دەڵێت: "ئێمە مامۆستای هونەرمان نیە بەو هۆیەشەوە بابەتی هونەر ناخوێنین لە خشتەی وانەکانی ڕۆژانەش دامان نەناوە ئەگەرچی خۆی دەبێت هەبێت، لەگەڵ ئەوەش چەندین جار داوای مامۆستام کردوە، بەڵام بەهۆی کەمی دابینیان نەکردوە".

وتیشی: "نەبونی بابەتی هونەر کاریگەری خراپی هەیە لەسەر دۆخی دەرونی خوێندکار، چونکە لە نێو ئەو هەمو بابەتە هەبونی گرنگە بەهۆی ئەوەی هێمنی بە خوێندکار دەبەخشێت و گۆڕانکارییەک دەبێت بۆیان و ڕۆڵی گرنگی دەبێت لەسەر توانا و تاقەتی خوێندکار، هەروەها هیچ بابەتێکیشمان لە جێگەی دانەناوە".

بە هەمان شێوە، نەجیب عومەر محەمەد، بەرێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی (بەمۆ) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "ئێمە مامۆستای هونەرمان نیە و رەنگە لە تەواوی ئامادەییەکانی رزگاری هەر نەبێت، لەگەڵ

ئەوەش هیچ مامۆستایەک بە وانەبێژ نایەن وانە بڵێنەوە، چونکە بەشەوانەی بابەتی هونەر کەمە پارەکەشی کەمە ئەمەش وایکردوە کە ناوەندی ئامادەییەکان بێ مامۆستای هونەر بمێننەوە".

وتیشی: "ئێمە پێداویستی هونەریمان هەیە بەڵام کە مامۆستا نەبو بەچی دەچێت، هەروەها دانانی نمرەی خوێندکاریش بۆ بابەتەکە لەسەر ئەساسی نمرەی بابەتەکانی دیکەی دادەنرێت کە چۆنە، بۆیە نەبونی مامۆستای هونەر و نەخوێندنی بابەتەکە کاریگەری هەیە وەک تەواوی بابەتەکانی دیکەن بۆیە ئەگەر نەبێت یەکێک لە کایەکانی خوێندن کەم دەبێتەوە".

جەختیشیکردەوە: "ئێمە هەرچەندە مامۆستای هونەرمان نیە، بەڵام لەگەڵ مامۆستاکانی دیکەمان پێشانگای هونەریمان کردوەتەوە خوێندکارانیش بە کارەدەستیەکانیان بەشداربون، لەگەڵ ئەوەش وەک هاندانێک خەڵاتمان پێشکەش کردون، ئەگەرچی ئەم یەک دوساڵەی کۆتای بەهۆی بایکۆتەوە هیچ شتێکمان نەکردوە".

جیاواز لەو هۆکارانەی کە رێگرن لە خوێندنی وانەی هونەر بە بریاری وەزراەتی پەروەردە خوێندنی بابەتی هونەر قوتابخانەکانی ئێواران هەڵگیراوە.

عومەر عەلی محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی رێبەری ئێواران لە ناحیەی پێباز باسلەوەدەکات: "لە ئامادەییەکانی ئێواران نەک بابەتی هونەر بەڵکو وەرزشیش لە مەنهەج نیە ئەمەش لە وەزارەتەوە هاتوە و بەشە وانەی بۆ دانەنراوە لە خشتەدا، بۆیە نەبونی بابەتی هونەر و پشتگوێ خستنی لە ناوەندەکان بە تایبەت ئێواران کەلێنێکی گەورەیە".

وتیشی: "هەرچەندە ناوەندەکەمان ئێوارانە بەڵام خوێندکارەکانمان تاقەی زۆریان بۆ بابەتی هونەر هەیە و تەمەنیان کەمە و توان و بەهرەشیان هەیە".

هەندێک لە بەرێوبەری قوتابخانەکان تیشک دەخەنە سەر ئەوەی تاکە هۆکار کە وایکردوە بابەتی هونەر گرنگی پێنەدرێت لە ناوەندەکان ئەوەیە مەنهەجێکی دیاریکراوی نیەو ئەوەی کە هەیە تەنها رۆتینە.

حسن محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی (سۆلاف)ی کچان لە کفری دەڵێت: "ئێمە مامۆستای هونەرمان هەیە چالاکیەکانیش رۆژانەیە و کاتییە نەک چالاکییەکی بەرنامە بۆ داڕێژرا و مەنهەجی تا مامۆستا وانەی لەسەر بخوێنێت، ئەوەشی کە هەیە تەنها فکرەی خۆی و کارە دەستیەکانی خوێندکارانە کە پێکەوە تێکەڵی دەکات و لە پێشەنگایەکدا نمایشی دەکات، ئەگەر چی بەهۆی بایکۆت و بەتایبەت ئەمساڵ هیچ شتێک نەکراوە".

رونیشیکردەوە: "لە خشتەی وانەکان تەنها وێژەییەکان دەیخوێنن زانستیەکان بەهۆی زۆری بابەتەکانیان نیانە، دانانی نمرەش لەسەر ئەساسی وانەکانی دی دادەنرێن، هەندێک جاریش مامۆستا دەکەوێتەوە ئەستۆی خۆی کە مەلزەمەیەک ئامادە بکات و تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام بدات یاخود هەندێک جاریش کارە دەستیەکانی خوێندکاران هەڵدەسەنگێنن و نمرەی لەسەر دادەنرێت، هەروەها ئێمە شوێنی تایبەت بە هونەرمان نیە تەنها ژورێکی بچوکمان هەیە کە کارە دەستیەکانی خوێندکارانمان تێدا داناوە، لەگەڵ ئەوەش هۆڵیکمان هەیە بەڵام ئەوە گشتییە.

هەندێک لە ناوەندەکان تا رادەیەک گرنگی بە بابەتی هونەر دەدرێت، بەڵام نەبونی پێداویستی و کۆنی بیناکان و نەبونی جێگەیەکی دیاریکراو بە بابەتەکە هاوکار نیە بۆ ئەوەی زیاتر بایەخی پێبدرێت.

محەمەد جەمال، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (سیروان) لە قەزای کفری دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە بابەتی هونەر تا رادەیەک گرنگی پێدراوە، بەڵام کەرەستە و جێگا هاوکار نەبون، بەهۆی ئەوەی بینایەکەمان کۆنە و هی سالآنی حەفتاکانە و سەردەمیانە نیە، سەرەڕای ئەوەش من دو مامۆستای هونەرم هەیە و نەوەستاون و جێی دەستیان دیار بوە لە ئەنجامدانی چالاکی چ لە ڕوی مۆسیقا چ لە ڕوی شانۆ و پەیکەر تاشیش، بەڵام چەن ئەوانە کراون لە تموحی ئێمە نەبوە".

وتیشی: "ئەگەر چی سالآنی پێشوتر بابەتی هونەر یەکێک بو لەو بابەتانەی کە گرنگی زۆری پێدراوە تەنانەت خشتەی وانەکانیشمان بە دڵی مامۆستای هونەر دانراون ڕێگەیان نەداوە لە دوای سێیەم دەرسەوە دابنرێت بابەتەکە".

باسیلەوەشکرد: "ئەگەر جێگەی تایبەت بە بابەتەکە هەبێت ئەوە دەتوانرێت تەواوی پێداویستیە هونەرییەکانی تێدا دابنرێت لەگەڵ ئامێرەکانی مۆسیقاش تا خوێندکار لە ماوەی کاتی وانەکەدا پرۆڤەی لەسەر بکەن، بەڵام ئێمە نە جێگامان هەیە نە پێداویستی تەنانەت کۆمەڵگاکەشمان نەگەشتون بە ئاستێک کە بابەتی هونەر بە لاوەکی سەیر نەکەن".

بە هەمان شێوە، جەمال جەلال رەشید، بەرێوەبەری قوتابخانەی (مەتین)ی بنەڕەتی لە کەلار دەڵێت: "ئێمە مامۆستای هونەرمان هەیە تاڕادەیەک گرنگی پێدەدەین ئەگەرچی خاڵین لە پێداویستی و جێگە بەهۆی کۆنی بیناکەمان، تەنانەت خۆم ژورم نیە کە بەرێوەبەرم چ جا هۆڵی هونەری، لەگەڵ ئەوەش ساڵانی پێشوتر پێشانگامان کردوە بە کاری دەستی وێنەی قوتابیان کە ئامادەیان کردوە زۆر جاریش دەرەجە لەسەر ئەو ئەساسە دانراوە، هەروەها قۆناغەکانی (٧ و ٨ و ٩) تاقیکردنەوە ئەنجام دەدەن".

وتیشی: "بابەتی هونەر بەشە وانەی کەمە ئەوەش لە وەزارەتەوە هاتوە ناتوانرێت دەستکاری بکرێت لەگەڵ ئەوەش بابەتی هونەر مەنهەجی نیە ئەوەی هەیە مەلزەمەیەکە و مامۆستا خۆی ئامادەیی دەکات و قوتابیان تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام دەدەن".

هەندێک لە ناوەندەکان بەهۆی نەبونی مامۆستای پسپۆری بابەتی هونەر تێیدا دەدرێت بە مامۆستایانی بابەتەکانی دیکە ئەمەش وەک خۆیان دەڵێن تەنها بابەتەکە ڕایی دەکرێت بۆ ئەوەی لە خشتەی وانەکان بمێنێتەوە نەک زانستیانە گرنگی پێبدرێت وەک بابەتەکانی دیکە.

خەبات حەسەن حسێن، بەرێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (بێخاڵ)ی کچان لە ناحیەی پێباز باسلەوەدەکات: "ئێمە مامۆستای هونەرمان نیە و چەندین جاریش داوام کردوە بۆیان دابین نەکردوین ئێمەش ناچار بۆ ئەوەی بابەتەکە لە خشتەی وانەکان بمێنێتەوە داومانە بە مامۆستاکانی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بایەخ بە بابەتەکە نادرێت تەنها ڕایی دەکەین، چونکە ئەوان خۆیان بەشە وانەیان زۆرە و بابەتی هونەریشی هاتوەتە سەر".

دەشڵێت: "هەق وایە بابەتی هونەر مامۆستای تایبەتی بۆ دابنرێت و بە رویەکی گەشەوە وانەکە بڵێنەوە و بە پراکتیکی قوتابی فێر بکات چ لە وێنەکێشان چ لە بەشەکانی تری تایبەت بە هونەرن

تەنانەت وابکات پێشبڕکێ لە نێوان قوتابیان دروست بکات دەرەجات لە سەر ئەساسی ئەوە دابنرێت نەک هەر بابەتەکە ڕایی بکرێت".

کەمی ژمارەی مامۆستایانی هونەر و زۆری ژمارەی قوتابی و بونی بەشێک لە قوتابخانەکان بە سێ دەوامی وایکردوە کە هێندەی دیکە بابەتی هونەر پشتگوێ بخرێت.

شێرکۆ ڕەفیق محەمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (شاکەل) لە ناحیەی ڕزگاری دەڵێت: "ئێمە مامۆستایەکی هونەرمان هەیە (٢)ساڵ مۆڵەتی دایکایەتی بو نەیتوانیوە وەک پێویست پەیامەکەی بەجێ بگەیەنێت، چونکە دوساڵ زۆرە، لەگەڵ ئەوەش سێ دەوامین و یەک مامۆستای هونەرمان هەیە، بۆیە هونەرەکانی ترمان داوەتە مامۆستاکانی دیکە ئەوانیش نەیان توانیوە وەک پێویست پەیامەکەیان بگەیەنن، چونکە پسپۆری خۆیان نیە".

دەشڵێت: "ڕێکخراوێک هۆڵێکی بۆ دروست کردین سودی زۆرمان لێبینی بەتایبەت بۆ هونەر، بەڵام ئەویش بەهۆی زۆری تەلەبە ناچار کردمان بە پۆل بۆیە نەمان توانیوە وەک پێویست بایەخ بە بابەتەکە بدەین".

هەندێک لە ناوەندەکان ئەگەر چی زیاتر لە مامۆستایەکی هونەری تێدایە بەڵام هەر گرنگی ئەوتۆی پێنادرێت بەهۆی نەبونی جێگە و پێداویستی لە هەموشیان دیارتر بایکۆت کردنی هۆڵەکانی خوێندن کە وایکرد هونەر لەو نێوەندەدا ببێت بە قوربانی.

عوسمان عەلی عەبدوڵا، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (بەکرەشەل) لە ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: "نازانم جوابی چی بدەمەوە ئێمە هونەرمان هەیە و (٢) مامۆستاشم هەیە، بەڵام نە پێداویستی نە جێگەی گونجاومان نیە بۆ بابەتەکە ئەوانەشی کە مامۆستاکان دەیکەن کێشانی هەندێک وێنە و پێدانی هەندێک سرودی نەتەوەییە بە قوتابیەکان و هیچی کە، تەنانەت وانەی دیکەمان پێداون و ئەیڵێنەوە".

ڕونیکردەوە: "لە ساڵانی پێشوتر هەندێک "وردەواڵەیان" پێدان ئەوانیش بەسەرچون بەهۆی نەبونی جێگەی گونجاو، لەگەڵ ئەوەش لە ساڵانی پێشوتر بەشداری فیستیڤاڵ و چالاکی هونەریمان کردوەن

بەڵام ئەوە دوساڵە ئەوەش نەماوە بابەتی هونەر سەرەکیترین بابەتە کە بوە قوربانی دەستی قەیرانی دارایی و بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندن".

## * بۆچونی فێرخوازان لەسەر خوێندنی بابەتی هونەر لە ناوەندەکان

نەخوێندنی بابەتی هونەر لە ناوەندەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەلای خوێندکارانەوە جێگەی نیگەرانییە، چونکە وەک خۆیان دەڵێن ئارەزوی زۆریان لە بابەتەکە هەیە بەڵام هیچ گرنگییەکی پێنادرێت بەتایبەت لە قۆناغی ئامادەیی.

دییە حسێن محەمەد، قوتابی پۆلی نۆیەم لە قوتابخانەی (ژین)ی بنەڕەتی لە کەلار سەبارەت بە خوێندنی بابەتی هونەر لە ناوەندەکەیان دەڵێت: "ئێمە بابەتی هونەر دەخوێنین مامۆستاکەشمان فێری وێنە کێشان و ڕەنگەکانی کردوین ئەو خۆی بۆمان دروست دەکات دواتر ئێمەش دروستی دەکەینەوە، لەگەڵ ئەوەش دێتە لامان و سەیری دەفتەرەکانمان".

وتیشی: "من زۆرم حەز لە بابەتی هونەرە، چونکە بە هۆیەوە دەتوانم هەر وێنەیەک بێت بیکێشم و فێرببم تەنانەت ڕەنگەکانیش دەناسمەوە و دەزانم تێکەڵیان بکەم، بۆیە دەرسی هونەر خۆشترین دەرسە".

یەکێک لە هۆکارەکانی نەخوێندنی بابەتی هونەر بایکۆتی ناوەندەکان بو لەلایەن مامۆستایانەوە، ئێستاش یەکێک لەو وانەنانەی زەرەرمەندی یەکەم بوە هونەرە لە کاتێکدا زۆرێک لە قوتابیان ئارەزوی خوێندنی ئەو بابەتە دەکەن.

فێنک حەسەن فەتاح، قوتابی پۆلی هەشتەم لە قوتابخانەی (سەیدە)ی بنەڕەتی سەر بە ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: "ئێمە لە ئێستا دەرسی هونەر ناخوێنین بەهۆی دواکەوتنمان لە خوێندن و بایکۆتەوە، بەڵام پێش بایکۆت دەمانخوێند وێنە و کاری دەستیشمان دروست دەکرد بەشداریمان دەکرد

لە پێشانگای هونەری لە ساڵانی پێشوتر، بەڵام ئەمساڵ هیچمان نەکردوە، لەگەڵ ئەوەش تاقیکردنەوەش ناکەین ناشزانم نمرەمان چۆن بۆ دادەنێن".

دەشڵێت: "من خۆم ئارەزوی زۆرم لە بابەتەکەیە، چونکە ڕادێی لەگەڵ وێنە کێشان و چەندان شتی تری تایبەت بە هونەر، بۆیە گرنگە گرنگی بە هونەر بدرێت و بخوێندرێت بە بەردەوامی".

هەندێک لە قوتابیان پێیان وایە بابەتی هونەر هێندە بێ بایەخ کراوە لە ناوەندەکان مامۆستایانی وانەکانی دیکە بە ئارەزوی خۆیان بابەتەکە وەردەگرن بۆ ئەوەی سودی هەبێت بۆ خۆیان.

پەیوەند محەمەد حەسەن، قوتابی قۆناغی نۆی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (وەفای)ی لە شاری کەلار باسلەوەدەکات: "بابەتی هونەر هێندە بێبایەخە لە ناوەندەکان وانەکانی تر دەخرێتە جێگەی لە کاتێکدا پێویستە مامۆستای خۆی هەبێت تەنانەت هەندێ لە مامۆستایان بە ئارەزوی خۆیان وانەکە دەبەن".

وتیشی: "ئێمە پێداویستی و هۆڵیشمان هەبێت بەچی دەچێت کە مامۆستاکەت هێندە شارەزای نەبێت لە بوارەکە تا بمان باتە ئەوێ، تەنانەت ناشتوانن دو وێنە بکێشن ئیتر چۆن قوتابی فێری هونەر ببێت ئەگەر چی لە ئێستا نە مامۆستای هونەرمان هەیە نە بابەتەکەش دەخوێنین".

هەندێک لە خوێندکاران پێیان وایە لە هیچ قۆناغێکی خوێندن گرنگی بە بابەتی هونەر نەدراوە تارادەیەک بە بابەتێکی پشتگوێخراوی دەزانن، ئەگەر بشیانەوێ فێری هونەر ببن لە ناوەندەکان ئەوا فێر نابن.

ئالا عەزیز، خوێندکاری پۆلی دوانزەی ئامادەیی لە قوتابخانەی (ئیبراهیم ئەحمەد) لە کەلار سەبارەت بە خوێندنی بابەتی هونەر لە ناوەندەکەیان ئاماژە بەوەدەکات: "بابەتی هونەر یەکێکە لەو بابەتانەی کە وەک بابەتێکی ئیهمالکراو دائەنرێ و هیچ گرنگییەکی پێ نادرێ لەهیچ کام لە قۆناغەکانی خوێندن بۆیە کەسێکیش خولیایەکی بۆ بابەتێکی هونەری هەبێ هەرگیز لەڕێی خوێندنی ئەو بابەتە لە مەکتەب بەهیچ ناگا".

زۆرن ئەوانەی حەزیان لێیە هونەریش وەک بابەتێکی گرنگی پێدراو چاو لێ بکرێ بەڵام لەهیچ قۆناغێکا گرنگی پێ نادرێ لەخشتەی رۆژانەیا بوونی نییە".

جەختیشدەکاتەوە: رەنگە پێش ئەم بارودۆخە خراپەی ئێستا گرنگیەکی بچووکی پێ درابێ وەک کردنەوەی پێشانگای ساڵانەی قوتابخانەکان بەڵام لەئێستا ئەوەش نەماوە خوێندنی ئەو بابەتە سەرەڕای کەمێک ئارامکردنەوەی مێشکی خوێندکار و کەمکردنەوەی کاریگەری ماندووبونی مێشکی قوتابی لە خوێندنی زۆری ڕۆژانە گرنگە بۆ دەرخستنی توانای خوێندکار لەو رووەوە بەڵام هیچ گرنگی پێ نادرێ".

بەهەمان شێوە، شاد ئیبراهیم، خوێندکاری پۆلی دەیەمی وێژەیی لە قوتابخانەی (ئیبراهیم ئەحمەد) لە شاری کەلار دەڵێت: "بابەتی هونەر لە کەرتی پەروەردە بەگشتی گرنگیەکی ئەوتۆی نییە، لەبەر ئەوەش هێندە ناخرێتە نێو خشتەی ڕۆژانەی وانەکان و نەکراوە بە پرۆگرامێک".

رونیدەکاتەوە: "ئەگەر بخوێنرێت گرنگیەکی زۆر و سوودێکی زۆری دەبێت بۆ خوێندکار، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر گرنگی بە بابەتەکە بدرێت لە ناوەندەکان خوێندکار رابهێنرێت بە کارە هونەرییەکان ئەوا ئەو کات لەلایەن خێزانەکانەوە ریگری لە کچان و کوڕان ناکرێت کە بچنە پەیمانگا و کۆلیژی هونەر، ئەوکات خێزانەکان زیاتر هۆشیار ئەبنەوە، هەروەها بەشێکی زۆری کچان حەزێکی زۆریان هەیە بۆ بابەتی هونەری بەڵام بەهۆی بەکەم بینینی بابەتی هونەر خیزانەکانیانەوە ڕیگریان لێدەکەن".

## * بۆچونی سەرپەرەشتیاران و بەڕێوەبەرانی چالاکییە هونەرییەکانی پەروەردەی گەرمیان

لە ماوەی دوساڵی رابردودا و لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی بەشێکی زۆری ئەو گرفتانەی هەن دەبەسترێنەوە بەو قەیرانەوە و بەڕێوەبەرانی چالاکیە هونەرییەکان و سەرپەرەشتیارانی هونەریش دیسانەوە قەیرانی دارایی و بایکۆتی دەوام دەکەنە بیانوی پشتگوێخستنی بابەتی هونەر.

محەمەد حەسەن قادر، سەرپەرەشتیاری پەروەردەی هونەر لە پەروەردەی کەلار دەڵێت: "بەپێی رێنماییەکان پێویستە بابەتی هونەر گرنگی پێبدرێت و پشتگوێ نەخرێت تەنانەت نابێت لە خشتەی وانەکان لە کۆتایی دابنرێت، هەروەها رێنماییەکان لە ساڵانی رابردو لە ١٠% بودجەی قوتابخانە بۆ چالاکییە هونەرییەکان خەرج بکرێت، بەڵام ئەم دوساڵە لە بەر تێکچونی شیرازەی دەوام و خراپبونی بارودۆخی دەوامکردن هەم سەرپەرەشتیار نەیتوانیوە سەردانی ناوەندەکان بکات و بەدواداچونی هەبێت نە مامۆستا و کارگێڕی قوتابخانەکانیش توانیوە وەکو پێویست بایەخ بە بابەتەکە بدەن، بگرە زۆر جار وەلا نراوە لەبەر پڕکردنەوەی وانەکانی تر و تەواوکردنی پرۆگرامەکانی".

وتیشی: "ئەو بەشە پارەیەی کە لە فرۆشگا (حانوت)ی ناوەندەکان دانراوە بۆ هونەر ئەوە دەتوانرێت سودی لێببینرێت بۆ ئەنجامدانی چالاکییە هونەرییەکان، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی مامۆستای هونەر و کارگێڕی ناوەندەکان لە ئێستادا وایکردوە کە هونەر بەرەو سستی و لاوازی بچێت، بەڵام ئێمە هەمیشە پشتگیری مامۆستایانی هونەر بوین و چالاکییەکانی ساڵانی رابردوش گەواهیدەری ئەوەن".

ئاماژەی بەوشکرد: :لابردنی وانەی هونەر لە خشتەی وانەی رۆژانە پێچەوانەی رێنماییەکانی پەروەردەیە ئێمە وەک سەرپەرەشتیاری ئەو بابەتە هیچ لەگەڵ ئەوەدا نین، چونکە ناوەندەکانی خوێندن بەبێ بابەتی هونەر هیچ چێژێکی نابێت، لەگەڵ ئەوەش گرفتمان لە کەمی میلاکی مامۆستای هونەر هەیە تەنانەت لە ناوەندەکانی دەرەوەی شار ئەم گرفتە زیاترە، ئەگەر ئامارێکی ورد بکەین لە ناوەندەکانی خوێندن ئەوا لە ئێستادا پێویستمان بە زیاتر لە (٦٠) مامۆستای هونەر هەیە".

بەهەمان شێوە، سەرتیپ جەبار، سەرپەرەشتیاری پەروەردەی هونەر لە پەروەردەی کفری باسلەوەدەکات: "بابەتی هونەر لە ساڵانی پێشوتر لە پەروەردەی کفری بەشێوەیەکی زۆر گرنگی پێدەدرا و لە جێگەیەکی باشی خشتەی وانەکانیش دانرابو، بەڵام بەهۆی بایکۆت و کەمکردنەوە رۆژەکانی دەوام کاریگەری هەبو لەسەر بابەتی هونەر و بەشێوەیەکی تەواو پشتگوێ خرا چ لەلایەن مامۆستایان چ لە لایەن بەڕێوەبەرەکانەوە".

وتیشی: "بەپێی توانا پێداویستی تا رادەیەکی باش دابینکرا لە ناوەندەکان لە لایەن پەروەردەوە، بەڵام وەک پێویست نەبون لەگەڵ ئەوەش لە زۆربەی ناوەندەکان جێگای تایبەت بە هونەر و موزیک نیە

ئەمەش گرفتی زۆری دروست کردوە، بەڵام لە هەمان کاتدا تا رادەیەک بابەتەکە دەخوێندرێت لە سنوری پەروەردەی کفری".

ئاماژەی بەوەشکرد: لە سنوری ئێمە گرفتی کەمی میلاکی مامۆستای هونەرمان نیە زۆر باشە، بەڵام لە هەندێک لە ناوەندەکان بەهۆی نەبونی مامۆستای بابەتەکانی تر وانەی تر دەڵێنەوە ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی لە پسپۆری بابەتەکانی خۆیان دور بکەونەوە ئەوەشی کە دەیزانێت لە بارەی هونەرەوە لە بیری بچێتەوە، تەنانەت وایان لێهاتوە پسپۆری بابەتەکەی خۆیان بگۆڕن".

گرفتی گرنگی پێنەدانی بابەتی هونەر تەنها لە قۆناغە بنەڕەتیەکان نیە بەڵکو لە قۆناغی ئامادەیی هەر ناخوێندرێت و مامۆستای هونەر زۆر کەمە لە ناوەندەکان.

نەوزاد یاوەر قادر، سەرپەرەشتیاری یەکەم لە قۆناغی ئامادەییەکان لە سنوری پەروەردەی گشتی گەرمیان دەڵێت: "لە ئامادەییەکان زۆر کەم گرنگی بە بابەتی هونەر دەدرێت نەک لای ئێمەوە بەڵکو لە وەزارەتەوەیە کە هیچ مەنهەجێکی بۆ بابەتەکە دانەناوە وەک بابەتەکانی تر کە ئەمە گەورەترین گرفتە بۆ کەم بایەخی هونەر لە ناوەندەکان، هەروەها ئێمە مامۆستای هونەرمان نیە بۆ ئەمەش پەنامان بردوەتە بەر پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری و خانەقین، لەگەڵ ئەوەش سەرپەرەشتیاری هونەرمان نیە و چالاکییە هونەرییەکانیش لە ئامادەییەکان هەر نیە ئەمە لە ساڵانی پێشوتر تا رادەیەک باشتر بو".

دەشڵ َت: "لە ئێستادا ئەوانەی کە وانەبێژن تەنها وانەکەی خۆیان دەڵێنەوە و تەواو ئەمەش سودی ئەوتۆی نابێت، لەگەڵ ئەوەش کەم کەس دەرواتە بەشی هونەر بۆ خوێندن چونکە بە بابەتێکی لاوەکی دەبینرێت بۆیە زیاتر گرنگی بە بابەتەکانی تر دەدرێت".

ئاماژەی بەوەشکرد: "گەورەترین هەڵە کە کراوە ئەوەیە ئەو پەیمانگای هونەرییە لە کفری دانرا دەبوایە لە کەلار دابنرایە، چونکە خەڵکی کەلار بە کەمی بۆی دەڕۆن ئەوانەشی کە لە ناوندەکانن بە زۆری خەڵکی کفرین ئەمەش گەورەترین گرفتە".

بەڕێوەبەرانی چالاکییە هونەرییەکانی سنوری پەروەردەی کەلار و کفری هۆکاری سەرەکی پەراوێز خستنی بابەتی هونەر و کەم بونەوەی چالاکییە هونەرییەکان بۆ قەیرانی دارایی دەگەڕێننەوە، لەگەڵ ئەوەش هاوکاری نەکردنی بەڕێوەبەرانی ناوەندەکانیش بە هۆکارێکی دیکە دەزانن کە هاوکاری مامۆستایانی بابەتەکە ناکەن.

سەرخێڵ حەمید محەمەد، بەڕێوەبەری چالاکی هونەری لە پەروەردەی کەلار دەڵێت: "تاوەکو ساڵی ٢٠١٣ لە روی هونەرییەوە پەروەردەی کەلار قۆناغێکی باشی بڕی لە ئەنجامدانی چەندین چالاکی هونەری کە لە ساڵانی پێشوتری ئەنجام نەدرابون دیارترینیان تیپی شانۆ و گروپی موزیک ئەمانی هیچ لێ نەبو ئێمە ئەنجاماندا، بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە ناوەندەکانی خوێندن چالاکییە هونەرییەکان تا ئاستێکی زۆر دابەزی لە هەندێک شوێن هەر نەکرا و کەمترین چالاکی ئەنجامدراون لەگەڵ ئەوەش مامۆستایان خۆشیان ساردبونەوەیەکیان پێوە دیارە بەرامبەر بابەتەکە".

ئەوەشی خستەرو: "ئەوەی لە ناوەندەکان ئەگوزەرێت نەمانی بابەتی هونەرە لە خشتەی وانەکان بەهۆی بایکۆتەوە، تەنانەت بەڕێوەبەرەکانیش هاوکاری مامۆستایان نەبون و زۆرجاریش ئەو رەخنەیەمان گرتوە، بۆیە پێویستە پەروەردەکان بە نوسراوی فەرمی ئاگاداری بەڕێوەبەری ناوەندەکان بکەنەوە کە گرنگی بە بابەتی هونەر بدرێت و هاوکاری مامۆستایان بن، بۆ ئەوەی بتوانن چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن".

وتیشی: "گرنگە خولی شیاندن بۆ مامۆستایان بکرێتەوە بۆ ئەوەی پەرە بە بوارەکەی خویان بدەن و دەوڵەمەندی بکەن".

ئاماژەی بەوەشکرد: "ئەمساڵ هیچ چالاکییەکمان نەکردوە بەدەر لە رۆژی ئاڵا، ئەگەر چی ساڵامدنی پێشوتر جیاوازتر بو لە سەنتەری شار و لە ناحییەکانیش چالاکی و فیستیڤاڵی هونەریمان هەبوە، هەروەها لە ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ کەرەستە و پێداویستی هونەریمان دابەشکرد بەسەر ناوەندەکاندا".

بەهەمان شێوە، کەمال حسێن یاسین، بەڕێوەبەری چالاکی هونەری لە پەروەردەی کفری دەڵێت: "قەیرانی دارایی کاریگەری راستەوخۆی هەبو لەسەر چالاکییە هونەرییەکان لەم چەند ساڵەی دوای بە

تایبەت ئەمساڵ و ساڵی پار کە هیچ چالاکییەک ئەنجام نەدراوە بەدەر لە رۆژی ئاڵا، لەگەڵ ئەوەش بە تەواوی ناوەندەکانمان راگەیاند کە سەرپشکن لە ئەنجامدانی هەرچالاکییەک کە بیانەوێ ئەنجامی بدەن، ئەگەر چی لە ساڵانی پێشوتر بە پێچەوانەوە بو کە هێندە زۆر بو بە سەعات کاتمان دادەنا بۆ ناوەندەکان".

وتیشی: "ئەم قەیران و بایکۆتە هۆکاری سەرەکی بو بۆ پشتگوێ خستنی بابەتی هونەر لە ناوەندەکان ئێستاش کە دەوام کراوەتەوە زیاتر گرنگی بە بابەتە سەرەکییەکان دەدرێت وەک لە هونەر و لە خشتەی وانەکان لابراوە و بابەتە سەرەکییەکان خراوەتە جێگەی، هۆکاری ئەمەش مامۆستایان نین کە واکراوە بەڵکو دۆخی ئێستایە کە هەیە".

جەختیلەوەشکردەوە: "لە کۆی تەواوی ناوەندەکانی کفری تەنها (٣)دانەیان هۆڵی هونەری هەیە ئەوانی دیکە هەموی کۆنن جێگەی هونەری تێدا نابێتەوە و بۆی دابین نەکراوە، ئەو سێ دانەش رێکخراوەکان بۆیان دابین کردون و بۆ هونەر بەکاری دەهێنن.

لە بەرامبەر ئەنجام نەدانی چالاکییە هونەرییەکان لە ناوەندەکانی خوێندن بەرێوەبەری گشتی چالاکییە هونەرییەکان لە پەروەردەی گەرمیان زیاتر هۆکارەکە دەگەرێنیتەوە بۆ بایکۆت کردنی ناوەندەکان دواتر کەمتەرخەمی خودی مامۆستایان خۆیان.

عوسمان عەبدولقادر کاکە، بەڕێوەبەری چالاکی هونەری گەرمیان لە پەروەردەی گشتی گەرمیان ئەوەدەخاتەڕو: " دوا بەدوای ئەوە قەیران سەریهەڵدا هیچ بودجەیەکمان لە بەردەستدا نەما، تەنانەت کۆگایەکیشمان هەبو خاڵی بو لە پێداویستی و شتێکی وای تێدا نەبو کە شایەنی ئەوەبێت بەکار بهێنرێت بۆ چالاکی هونەری، بەڵام بەهۆی بونی پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستایانی ناوەندەکان توانیمان چالاکی ئەنجامبدەین ئەو ناوەندانەشی کە مامۆستای هونەرییان نەبو بەرێوەبەر و مامۆستایانی تر چالاکیان ئەنجامدا لە ساڵی ٢٠١٥ لە سەرجەم ناوەندەکان و تەنانەت باخچەی ساوایانیش، هەروەها هەر چالاکیەک کە ئەنجامدراوە خەڵاتی رێزلێنانمان بەخشیوە بەو قوتابی و خوێندکارانەی کە بەهرەمەند بون وەک هاندانێک".

وتیشی: "دوابەدوای ئەوە چالاکییەکان سست بونەوە بەهۆی بایکۆت کردنەوە تەنانەت وایکرد کە بوەستێ، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش نەمان هێشتوە بەیەک جاری بوەستێت لەگەڵ ئەوەش بۆ ئەنجامدانی هەر چالاکییەک نەک بابەتی هونەر بەڵکو تەواوی بابەتەکانی تر لە سەر توانا و لێهاتوی خۆیان وەستاوە".

باسی لەوەشکرد: "پێویستە خولی شیاندن بۆ تەواوی مامۆستایان بکرێتەوە بۆ ئەوەی پەرە بە تواناکانیان بدەن، چونکە هەندێک مامۆستامان هەیە شێوەکاری تەواو کردوە ناتوانێت چالاکی شانۆی و موزیک ئەنجامبدات، لەگەڵ ئەوەش لە ئێستادا ئامادەکاری بۆ مامۆستایانی باخچەی ساوایان دەکەینەوە کە خولیان بۆ بکەینەوە تا بتوانن ئەو بۆشاییەی کە لە ڕوی بابەتی هونەرەوە هەیە پڕی بکەنەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد: مامۆستایانی هونەرخۆیان کەمتەرخەمن لە ناوەندەکان چەند دانەیەکیان نەبێت، بۆیە پەروەردەی خانەفین باشترە لە ئەنجامدانی چالاکی وەک لە کفری و کەلار".

## * رای بەرێوەبەرەکانی پەروەدەی گەرمیان لە سەر خوێندنی بابەتی هونەر لە ناوەندەکان

سەبارەت بە خوێندن و گرنگی نەدان بە بابەتی هونەر لە ناوەندەکانی خوێندن و سەیرکردنی ئەو بابەتە بەلاوەکی لە ناوەندەکان بەڕێوەبەرانی پەروەردە باس لە هۆکارەکانی دەکەن.

عەدالەت لەتیف عبید، بەڕێوەبەری پەروەردەی کەلار دەڵێت: "هونەر بابەتێکە گرنگە بۆ ناوەندەکان و تەواوکەری پرۆسەی پەروەردەیە وە بەشێک لە گەورەی پرۆسەی پەروەردە نەک هونەر بەڵکو وەرزشیش پێکی دەهێنێت، بۆیە دەبێت گرنگی پێ بدرێت ئەمەش وایکردوە خوێندکاران و قوتابیان پەیوەست بن بە ناوەندەکانی خوێندنەوە، چونکە بابەتەکانی تر کاریگەری نێگەتیڤی بەسەر زهنی

قوتابی و خوێندارەوە هەیە بۆیە گرنگە هونەر هەبێت لە ناوەندەکان بۆ هیچ شوێنێک گرنگ نەبێت بۆ پەروەردە گرنگە".

باسی لەوەشکرد: "ئێمە لە وەرزی یەکەم بابەتەکەمان خوێندوە تەنانەت داواشم لە بەشی چالاکییە هونەرییەکان کرد کە لە وەرزی دوەم چالاکی ئەنجامبدەین، بەڵام بایکۆتەکە هەموی لێ تێکداین ناشڵێم ئەوەی دەکرێت لە تموحی ئێمەیە بۆیە پێویستە چالاکی و فیستیڤاڵ ئەنجام بدرێت و کەسە بەهرەمەندەکان گوڵ بژێر بکرێت".

وتیشی: "بەهۆی بایکۆتەوە ئەمساڵ نەک بابەتی هونەر بەڵکو هەندێک بابەتی تریشمان هەیە خراونەتە لاوە، بەهۆی کەمی کاتەوە بۆ ئەوەی بابەتەکانی دیکە تەواوبکرێت، خۆی بابەتی هونەر لانەدراوە لە خشتەی وانەکان بەڵکو وەک دەرسی شاغر دراوە بە بابەتەکانی دیکە بۆ ئەوەی تەکمیلەی بکەن، بۆیە پێدانی بابەتی هونەر بە وانەکانی تر لە نێوان مامۆستایان و بەڕێوەبەرەکان دایە ئەمە بڕیارێکی پەروەردەی نیە".

جەختیکردەوە: "دانانی بابەتی هونەر لە خشتەی وانەکان مەنهەجییە و بە پێی ڕێنمایەکان دانراوە، چونکە سەرپەرەشتیارمان هەیە، هەروەها لە زۆرێک لە ناوەندەکان مامۆستای هونەرمان نیە و ساڵی پار هەوڵماندا لە ڕێکخستنەوەی میلاکات شتێک بکەین بەڵام وەزعەکە ڕێگەی نەدا، لەگەڵ ئەوەشدا دانانی نمرەی قوتابیان لەسەر هەڵسەنگاندنی قوتابیەکان دادەنرێت هەندێک جاریش لەسەر ئەساسی وانەکانی تر دانراوە، بەڵام ئەمە خۆی نابێت و حاڵەتی واش هەبێت بەدواداچونی بۆ دەکەین".

بەهەمان شێوە، ئیسماعیل سەمین، بەڕێوەبەری پەروەردەی کفری سەبارەت بە گرنگی دان بە بابەتی هونەر لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "گرنگی دان بە بابەتی هونەر لە ناوەندەکانی خوێندن تارادەیەک لاوازە بەهۆی قەیرانی دارایی و بایکۆت کردنی هۆڵەکانی خوێندن بە ڕێژەیەکی زۆر بایکۆتەکە کاریگەری هەبو بەتایبەت ئەمساڵ کە نەمانتوانی هیچ چالاکییەک ئەنجام بدەین بەدەر لە ڕۆژی ئاڵا ئەگەر بایکۆت نەبوایە هەر شتێکمان دەکرد ئەگەر کەمیش بوایە".

ئەوەشی خستەرو: "دانانی بابەتی هونەر لە خشتەی وانەکان مەنهەجییە، بەڵام سیستەمی ئەم وڵاتە بە شتێکی لاوەکی دەیبینێت، چونکە لە سیستەمەکە تەنها لە هەفتەیەک یەک بەشەوانەی بۆ دانراوە، ئەمە لە کاتێکدا بابەتەکانی تر بە پێچەوانەوەیە، ئەگەر بەشە وانەی بابەتەکە زیاد بکرێت و جێگەو پێداویستی تەرخان بکرێت بۆی ئەوا مامۆستا و هەمو کەس گرنگی پێدەدا".

وتیشی: "گرنگی نەدان بە بابەتی هونەر لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دو جەمسەری هەیە یەکێکیان دابینکردنی پێداویستیە لەگەڵ جێگەیەکی گونجاو و دانانی مامۆستای پسۆر و بە توانا لە بوارەکەدا، بەشەکەی تریشی کەمی بەشەوانەیە لە هەفتەکە کەم دانراوە تەنانەت دەخرێتە کۆتا دەرسەوە دەبێت خوێندکار و مامۆستا چ تاقەتێکیان هەبێت".

ئاماژەی بەوەشکرد: "نەبونی پێداویستی هونەری لە ناوەندەکان لە نێوان پەسەند و ناوەندایە، لەگەڵ ئەوەش دانانی نمرەی خوێندکاریش لە سەر هەڵسەنگاندنی خۆیان دەبێت ئەگەر وانەبێت ئەوا ڕێوشوێنی ترمان هەیە بیگرینە بەر، هەروەها تاوەکو

ئێستاش خولی شیاندن بۆ مامۆستایان نەکراوەتەوە".

لە بەرامبەردا، دارا ئەحمەد سەمین، بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، سەبارەت بە گرنگی بابەتی هونەر لە ناوەندەکانی خوێندن دەڵێت: "بابەتی هونەر لە ناوەندەکانی خوێندن لە ڕوی گرنگی پێدانەوە لە ئاستێکی باڵادایە و کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات، چونکە بابەتێکی زۆر گرنگە و هاوبەشە لە بنیاتنان و دروستکردنی منداڵ لە داهاتودا و ئێمە هەمو کات گرنگیمان پێی داوە، بەڵام ئەمساڵی خوێندن بایکۆت وایکرد کەوا لە ناوەندەکانی خوێندن ئەو گرنگییەی پێنەدرێت، ئەگەر چی کە بایکۆت هەڵوەشایەوە نوسراوی فەرمیمان ئاراستەی تەواوی ناوەندەکان کردوە کەوا هەمو بابەتەکان بخوێندرێن وەک ساڵانی رابردو".

دەشڵێت: "مامۆستای بابەتی هونەر لە ناوەندەکان کەمە بەتایبەت ئامادەییەکان، چونکە ئامادەیی بۆ هەر بابەتێک پێویستە پسپۆری خۆی بێت ئەمە لە بنەڕەتییەکان بە پێچەوانەوەیە مامۆستای

بابەتەکانی تر دەتوانن هونەر بڵێنەوە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە ساڵانە هەتا بودجە هەبو پێداویستی ناوەندەکانمان دابین دەکرد، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی کە قەیران دروست بو هەمو شت وەستا".

وتیشی: " کردنەوەی خولی شیاندن بۆ مامۆستایانی هونەر خۆیان نیە، چونکە دەکرێت مامۆستایەکی هونەر کە موزیکی تەواو کردبێت و شێوەکاری بڵێتەوە لە ناوەندەکان، بەڵکو خولەکە تەنها بۆ ئەو مامۆستایانەیە کە پسپۆری بابەتێکی ترن خولەکەش بۆ ماوەی یەک مانگە، لەگەڵ ئەوەش خولی بەهێزکردن هەیە بۆ ماوەی (٢) رۆژ ئەمە مامۆستایانی هونەر دەتوانن بەشدار ببن".

باسیلەوەشکرد: "سەبارەت بەوەی بابەتی هونەر تاچەند بکرێت بە مەنهەجی لە ئێستادا پرۆگرامێکیان پێشکەش کردوە تایبەت بە هونەر و داویانە بە سەرجەم بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردە و خراوەتە بەردەستی کەسانی شارەزا لە بواری هونەر پێش ئەوەی چاپ بکرێت ئێمەش رای خۆمانمان پێشکەش کردوە لەسەری رەنگە لە داهاتو بگات بە دەستی قوتابیان و خوێندکاران".

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان:

* پێویستە گرنگی بە بابەتی هونەر بدرێت لە ناوەندەکانی خوێندن و بە تایبەت لە خشتەی وانەکانی رۆژانە بەشە وانەی زیاتر بکرێت و نەخرێتە کۆتای وانەکانەوە و بە وانەیەکی لاوەکی سەیرنەکرێت.

* پێداویستی هونەری بۆ سەرجەم ناوەندەکان دابین بکرێت، هەروەها جێگەی تایبەت بەو بابەتە هەبێت بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی پێبدرێت.

* کردنەوەی خولی شیاندن بۆ مامۆستایانی هونەر بە بەردەوامی بە تایبەت بۆ ئەو مامۆستایانەی کە پسپۆری بابەتێکن و وانەی هونەر دەڵێنەوە.

* گرنگە زیاتر گرنگی بە چالاکییە هونەرییەکان بدرێت لە ناوەندەکانی خوێندن و بەردەوامی هەبێت، چونکە بابەتی هونەر بەشێکی گرنگە لە ئارەزوی قوتابی بۆ خوێندن.

* پێویستە بابەتی هونەر مەنهەجێکی دیاریکراوی خۆی هەبێت و بە پێی قۆناغەکانی خوێندن و تەمەنی قوتابیان دیارییبکرێت و گرنگی پێبدرێت.

* خولی (مۆسیقا، شێوەکاری و شانۆ) بۆ ئەو خوێندکار و قوتابیانە بکرێتەوە کە بەهرەمەندن و بەشداری چالاکی و فیستیڤاڵە هونەرییەکانیان پێبکرێت چ لە سنوری پەروەردەی گەرمیان چ لە هەرێمی کوردستان.

* نەک لە ناوەندەکانی سەنتەری شار بەڵکو لە ناوەندەکانی دەرەوەی شاریش پێوستە گرنگی بە بابەتی هونەر بدرێت چ لە روی پێداویستی چ لە دابینکردنی مامۆستای هونەر.

* هاوشێوەی قۆناغی بنەڕەتی مامۆستای هونەر بۆ ئامادەییەکانیش دابین بکرێت و گرنگی بە بابەتەکە بدرێت نەک لە خشتەی وانەکان هەڵبگیرێت.

- ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:

ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە.

زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە.

رێناس ساڵح، دۆسیەی تەندروستی.

**بۆپەیوەندی:**

٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠ –٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org